## جوابێک بۆ چاوپێکەوتنی دەنگەکان لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکار (دارا ئارام)دا

## (ئەوەی دارا دەیلێت زەمەنێک بە گێڕانەوە کورت دەکاتەوە)

نوسینی : میران ئابراهام

هەرچەندە دارا لە سەرەتادا لە جوابی پرسیارێکدا دەڵێت من زانیاریم نییە لەسەر مێژووی شێوەکاری کورد، بەڵام هەر دوای ئەم دێڕە دەستنیشانی زەمەنێک دەکات کە ساڵی پەنجاکان سەرەتایەکە بۆ هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا وە کۆمەڵێک ناوی هێناوە کە لە ساڵانی پەنجاکاندا کاری هونەریان کردوە وە لەهەمان کاتدا پەڕیوە بۆ ساڵی حەفتاکان و دوبارە دەسنیشانی کۆمەڵێک ناوی تری کردوە هەڵبەتە ئەوانەی ئەو لە دوو گروپی جیاوازدا ناوی هێناون ڕاستە کە هەموویان شێوەکارن بەڵام دارا وەکو لە سەرەتاوە گوتی من زانیاریم نییە لەسەر مێژوی ئەم هونەرە لە کوردستاندا دەبوایە لەداوای ئەم دێڕەوە بێدەنگ بوایە چونکە ئەوەی دارا دەیلێت زەمەنێک بە گێڕانەوە کورت دەکاتەوە یان دەتوانین بڵێین پاشوپێشی دەخات .

ئەمەش جێگای سەرسوڕمانو ئەستەمە هونەرمەند بیتو ئاگات لە جوڵەو بەردەوامی ئێستاو ڕابردووی هونەری میلەتەکەی خۆت نەبێت.

هەرچەندە دارا ئارام زۆر چالاکەو کارەکانی لە ئاستێکی باشدان بەڵام دایم دەبێت لەپشت هەموو کارێکی باشی هونەرییەوە هونەرمەندێک هەبێت نەک نیگارکێشێک دیارە ئەمە کێشەی خودی دارایە لەگەڵ هونەرەکەیدا؟

یان تۆبڵێی دارا ئارام لە لاوازییەوە پیشەی هونەری بۆ خۆی هەڵبژاردبێ؟

چونکە ئەو جوابی ئەو پرسیارەی داوەتەوە کەواتە ئەو وەکو هونەمەندێک باس لە ئێستاو ڕابردووی هونەری شێوەکاری دەکات لە کوردستانو جیهاندا ، چونکە مێژوو مانایەکی زۆرو کۆمەڵێک ڕەهەندی جۆراو جۆریی هەیە ، نەک وەکو ئەو جوابەی دارا ئارام کە لە دامێنی فڵچە وەشاندنەکەیا نییە هەر بۆیە دەبێت دارا بمان بورێت کە گومان لای ئێمە دروست دەبێتو دەڵێین ئایا دارا ئارام نیگارکێشە یان بووە بە هونەرمەند.

دارا دەڵێت لە ساڵانی پەنجاکاندا ئەم هونەرمەندانە هونەریان کردووە و ناوی کۆمەڵێک هونەرمەندی هێناوە بۆ نمونە لالە عەبدە من دەمەوێت وەکو فرسەتێکو زانیارییەکیش بۆ دارا ئارام لێرەدا باسێک لە ژیان و کارەکانی لالە عەبدە بە نمونە بهێنمەوە ، جوابێک و ڕاست کردنەوەیەک بۆ دارا کەدەڵێت لالە عەبدە لە پەنجاکاندا ڕۆڵی گێڕاوە

لالە عەبدە لە ساڵی 1947لە شاری سلێمانی لە دایک بووە و لە شەستەکاندا کۆمەڵێک کاری کردووەو لە ساڵی 1970ئەکادێمیای هونەری تەواو کردووە لە بەغداد بێجگەلەوەی لە کوردستانو ئەوکاتەی عێراقدا چالاکیەکی زۆری هەبووە بەرچاویان ساڵی 1974لە عێراقەوە لەگەڵ چەند هونەرمەدێکی تردا دەچن بۆ ئەڵمانیای شەرقی کە لالە عەبدە بە چەند تابلۆیەک بەشداری دەکات کە تابلۆکانی گوزارشت لە ژیان لە کوردستانو پێشمەرگە دەکات.

لالە عەبدە ساڵی 1978ئەکادێمیای هونەرەجوانەکان لە فلۆرەنسا لە وڵاتی ئیتالیا تەواو دەکات کەلە کۆتایی ساڵانی حەفتاکاندا دەیان هونەرمەندی کورد لە وڵاتە جیاجیاکانی ئەوروپادا لە ئەکادێمیا هونەرییەکاندا دەیان خوێند کە زۆر کاری هاوبەش و تایبەت یان ئەنجام دا لەو سەردەمەدا.

بۆ نموونە لە ساڵی 1978دا لە ئیتالیا لە پێشانگایەکی تایبەتدا لالە عەبدە چەندین تابلۆی نمایشکرد کە کۆی کارەکان کراون بە (کوڕاسە)و دەمەوێت لێرەدا تەنها دوو کاریان بەنموونە بخەمە پێش چاوی خوێنەرانو بۆ زانیاری زیاتری دارا لە سەر هونەری شێوەکاری پێش خۆی.

کە ئەم دوو تابلۆیە گوزارشتێکی تەواو لە ڕەشە کوژیی‌و یان دەتوانیین بڵێین (ئەنفال) دەکەن کە لالە عەبدە وەکو خۆی دەڵێت ئەنفال زۆر پێش ساڵانی هەشتاکان بەردەوام بووە لە کوردستاندا بەڵام لەژێر ناوی جۆراو جۆرداو لە باشوری کوردستان و لە بەشەکانی تری کوردستاندا.

هەرچەندە من پێم وایە دوان یان کار کردن لەسەر ئەنفال یان لەسەر ماناى(بەسفر کردنی گەلی کورد) لەلای چی نووسەرانو هونەرمەندانیش بەتایبەتی لە ساڵانی دوای ڕاپەڕینەوە دەستی پێکرد لە ناو کوردستاندا ، ئەمەش بووە بە کلتورێکی ئێمە کە بەدایم لەدوای ڕوداوەوە بین!!

کە لە هەمان ساڵدا لە وولاتی ئیتالیا زۆر لە میدیاکانی ئەم وولاتە زیاتر لە چەند جار لەسەر بەرزی کارەکانی ئەم هونەرمەندە کوردەیان نوسیوە نمونەیان (Renzo Federici)کە مامۆستای مێژووی هونەری هاوچەرخ بوو لە ساڵانی حەفتاکاندا لە ئەکادێمیای هونەرەجوانەکانی فلۆرەنسا لە ئیتالیا ، کە زۆر بە دوورو درێژەی لەسەر ژیانو کارەکانی لالە عەبدە دواوە بەڵام من لێرەدا چەند دێڕێکی ئەوبابەتە دەخەمە ڕوو کە دەڵێت (هونەرەکەی لالە عەبدە بەشێوەیەکە کە بزوتنەوەیەکی هەستیاری تێدا دروست بووە ، وەک نیشتیمانێکی هونەر کە بەشێوەیەکی بڵند شکڵێکی وەهای لە خۆگرتووە بۆتە نیشانەیەک کە پڕ لە کارامەیی‌و پڕ لە دەرفەت..

کە کۆی ئەم ووتارە لەگەڵ کارو چالاکییەکانی لالە عەبدە ئامادەکراوە لە کتێبی(ژیانو کارەکانی لالە عەبدە)دا بڵاو بکرێتەوە کە لەگەڵ هاوڕێم (شۆڕش محەمەد حسێن)دا کاری تێدا دەکەین.

1-تابلۆی یەکەم : کوشتار لەسەر ڕوباری سەرکەوتن

ساڵ: 1977 ، جۆر: ڕۆن لەسەر تەختە، مات: 180X230




2-تابلۆی دووەم: ڕاگواستنو کوشتار

ساڵ: 1978 ، جۆر : ڕۆن لەسەر تەختە ، مات : 100X100




**هەر هەمان ئەم کارانەو چەندین تابلۆی تریش چەند جارێک بەتەنیاو لەگەڵ هونەرمەندانی تری کورددا کراون بە(کوڕاسە)**

**وە لە ساڵی 1976وە کۆمەڵێک هونەرمەند لە دەرەوەی وولات زۆر چالاکانە لە چەندین پێشانگای هاوبەش و تایبەتدا ئامادەییان هەبووە بۆنمونە لە فیستیڤاڵی نەورۆزدا کە پێکهاتبوون زیاتر لە20هونەرمەند ، وە تاکو ساڵانی نەوەدەکانیش کاری هاوبەشو تایبەتی زۆریان ئەنجام داوە کە هەموو پێشانگاکان یان ئەو کارە هونەریانەی کە نمایش کراون لە سەرجەم پێشانگا هاوبەشو تایبەتەکاندا (کوڕاسە)ی تایبەتی لەکاتی خۆیدا بۆ ئامادەکراوەو تاکو ئێستاش پارێزراوە .. کە هەر هەمان ئەم کۆمەڵە هونەرمەندە کە سەرەتای کاری هونەریان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی شەستەکان بە دواوە کە ئەم چەند هونەرمەندە بەنمونە بۆ خوێنەرانو تەنها زانیاریش بۆ دارا ئارام.**

- **ئاراز گەرگیس(سلێمانی): دەرچوی ئەکادێمیای هونەری بەغداد**
- **ئاسۆ سدیق(سلێمانی) : دەرچوی ئەکادێمیای هونەری ( پەیمانگای هونەرەجوانەکان)لە فەڕەنسا**
- **ئازاد ئەحمەد (هەولێر): دەرچوی ئەکادێمیای هونەری بەغداد1975 ، ( پەیمانگای هونەرەجوانەکان)لە ئیتالیا**
- **بالدین ئەحمەد (سلێمانی): ئەکادێمیای هونەری بەغداد ، ئەکادێمیای هونەری ڕۆما.**
- **دڵشاد پیرداوود (هەولێر): دەرچوی ئەکادێمیای هونەری بەغداد.**
- **فواد عەلی (هەولێر): دەرچوی ئەکادێمیای هونەری بەغداد1974 ، ( پەیمانگای هونەرەجوانەکان)لە فەڕەنسا ، دەرچووی زانکۆی**

ئێنتەر ناشیۆنالی مۆسیلۆگیا.

- حەمید دەروێش (کەرکوک): دەرچوی ئەکادیمیای هونەری بەغداد1975 ، دەرچوی ئەکادیمیای هونەری ( پەیمانگای .هونەرەجوانەکان)لە فەرەنسا.
- حەمید ڕەفیق(کەرکوک): دەرچوی ئەکادیمیای هونەری بەغداد1974 ، ( پەیمانگای هونەرەجوانەکان)لە فەرەنسا
- لالە عەبدە ئەمین(سلێمانی): دەرچوی ئەکادیمیای هونەری بەغداد1970 ، ( پەیمانگای هونەرەجوانەکان)لە فلۆرەنسا-ئیتالیا.
- نەوزاد ئەحمەد(هەولێر): دەرچوی ئەکادیمیای هونەری1975 ( پەیمانگای هونەرەجوانەکان)لە فەرەنسا
- سەردار عەلی عەزیز(دهۆک): دەرچوی ئەکادیمیای هونەری بەغداد1974 ، ( پەیمانگای هونەرەجوانەکان)لە فەرەنسا1977.
- سمکۆ تۆفیق(سلێمانی) : (ماستەر مێنیفێست)لە بەرلین1974.
- یوسف سالح(سلێمانی): دەرچوی ئەکادیمیای هونەری بەغداد1974 ، ( پەیمانگای هونەرەجوانەکان)لە فەرەنسا.
- کارانی جەمیل(هەولێر): دەرچوی ئەکادیمیای هونەری بەغداد1976 .
- بەختیارە سور(سلێمانی): دەرچوی ئەکادیمیای هونەری بەغداد1978 ، ( پەیمانگای هونەرەجوانەکان)لە فلۆرەنسا-ئیتالیا.
- جەلال ڕەووف(سلێمانی): دەرچوی ئەکادیمیای هونەری بەغداد1977 ، ( پەیمانگای هونەرەجوانەکان)لە فلۆرەنسا-ئیتالیا1984.
- ڕەهبەر جەلال(هەولێر): دەرچوی ئەکادیمیای هونەری بەغداد1974 ، ( پەیمانگای هونەرەجوانەکان)لە مۆسکۆ.
- مەدحەد م عەلی: دەرچوی ئەکادیمیای هونەری بەغداد1976 ، ( پەیمانگای هونەرەجوانەکان)لە مەدرید-ئیسپانیا.
- جافر کاکەیی : دەرچوی ئەکادیمیای هونەری بەغداد1976 ، ( پەیمانگای هونەرەجوانەکان)لە مەدرید-ئیسپانیا.
- ئازاد کەریم : دەرچوی ئەکادیمیای هونەری بەغداد1976 ، ( پەیمانگای هونەرەجوانەکان)لە لیۆبیجانا-یۆگۆسلافیا.
- ئیبراهیم عەلی هادی: ( پەیمانگای هونەرەجوانەکان)لە فلۆرەنسا-ئیتالیا 1981، پلاستیک ئارت پاریس1985،

ئەم هونەرمەندانە کە تاکو ئەمڕۆش هەموویان لە ژیاندا ماونو بەردەوامن لە سەر کاری هونەری کە زۆربەیان مامۆستای هونەرن یان کاربەدەستن لە دەزگاو شوێنە هونەرییەکاندا یان چەندێکیان خاوەنی گەلەری خۆیانن.

هەرچەندە لە سالآنی پێش پەنجاکانیشدا چەندین هونەرمەندو نیگارکێش لە کوردستاندا کاریان کردووەو نمونەیان (فەلاح حەسەن)ە کە لە سەرەتای سەدەی بیستدا ناوێکی دیار بووە لە عێراقی ئەوکاتەدا و کورد بووەو خەڵکی ناوچەی سلێمانی بووە وە پاش ئەمیش لە سالآنی سیو چلەکاندا جەمال بەختیار لەوسالآنەدا کاری کردووە ، وەدڵنیام لە وەی لە پارچەکانی تری کوردستاندا چەندین هونەرمەند هەبوونو کاریاری نیگارکێشیان کردووە ، بەڵام لەبەر ئەوەی کە لۆکۆمۆتیفێک لە نێوانماندا نەبووە پێکمان بگەیەنێت ، یان میدیایەکی هاوبەش نەبووە بەیەکمان ئاشکرابکات هەربۆیە کاتو ئێستاش ونین لە یەکتری ، هەروەکو چۆن ئەگەر سەرنج بدەیت سلێمانی لە هەولێر ئاگادارنییە و باشور لە باکورو ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەلآت ئاگادار نییە هەر ئەمەشە وایکردووە کە هەموو یەکێک لە ئێمە وەکو ناوچەگەرێک بیربکەینەوەو کاربکەینو لە هەمانکاتیشدا بۆ میدیاکان بدوێین.

دارا ئارام دەڵێت : ساڵی 1980بە دروست بوونی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە سلێمانی هونەری شێوەکاری گۆڕانکاری تری بەسەر هات , بەڵام من دەڵێم ئەم کۆمەڵە هونەرمەندەو چەندانی تریش کە دارا خۆی ناوی هێناون بونە پێشەنگێک گۆڕانکاری باشیان بەسەر هونەری شێوەکاریدا هێنا بەتایبەتی لە تاراوگە کە ئێمە دەتوانین بەمە بڵێین هونەری شێوەکاری گۆڕانکارییەکی گرنگی بەسەردا هات نەک وەک و دارا ئارام دەڵێت لە دوای ساڵی 1980وە.
دەبێت ئەوەش بزانین کە هونەری شێوەکاری تاکو ئەم ڕۆش نەبووە بە کلتوور لە وولآتی ئێمەدا.
هەرچەندە دارا ئارام لە جوابی پرسیارێکی تری دەنگەکاندا کە پرسیاری لێدەکرێت ئایا دارا ئارام دوێنی و ئەمڕۆ خۆی لە کام یەک لە قوتابخانە هونەرییەکاندا دەبینێتەوە

بەڵام دارا دیارە زۆر حەزی لە مێژووە کە لە جوابی ئەم پرسیارەشدا دێت تەنها دەستنیشانی قوتابخانەکان دەکات و دەست دەکات بە ڕیزبەندیان بەبێ ئەوەی خۆی ساخ بکاتەوەو جوابی پرسیارەکە باتەوە ، ڕیزبەندییەکەشی زۆر بە کورتیو بەرتەسکیە ، کەلێرەشدا بەهەمان شێوە زەمەنەکانی مێژووی هونەری زیاتر کورت تر دەکاتەوە.

من شێوەکارنیم بەڵام لە ئەنجامی نزیکیم لە چەندین هونەرمەندی کوردو بیانی وە گەڕانم لەم بوارەدا بەدوای سەرچاوەدا بۆ ئامادەکردنی چەند کارێک و کاڵو کرچی لێدوانەکەی دارا ئارام لەسەر مێژووی ئەم هونەرە لە کوردستانو جیهاندا هانیان دام کە باری سەرنجی خۆم بنووسم .

وەمن زۆر ئاشنای کارەکانی دارا ئارامم چونکە چەندین ساڵە لەگەڵیاندا دەژیم و کاریان لەگەڵدا دەکەم من دارا ئارام بە هونەرمەندێکی باشو بەتوانای دەزانم هەر بۆیە ئەمەش هەوڵێکی منە بۆ دەوڵەمەند کردنی دیدارەکەی لەگەڵ ماڵپەڕی دەنگەکاندا.

هۆڵەندا2007/6/6

miran_ibraham@hotmail.com